مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

# دور التعلم باللعب في تنمية المهارات اللغوية لدى أطفال الروضة من وجهة نظر المعلمين (دراسة ميدانية مقارنة في رياض أطفال مدينة كوية)

**شيداء حسين عباس**
Shayda.h@gmail.com
**علم النفس التربوي، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة كركوك، العراق.**

**الكلمات المفتاحية**: اللعب، التعلم باللعب، المهارات اللغوية، رياض الأطفال، المهارات

**كيفية اقتباس البحث**

عباس , شيداء حسين , دور التعلم باللعب في تنمية المهارات اللغوية لدى أطفال الروضة من وجهة نظر المعلمين (دراسة ميدانية مقارنة في رياض أطفال مدينة كوية) ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر (Creative Commons Attribution) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The Role of Learning Through Play in Developing Language Skills in Kindergarten Children from the Perspective of Teachers
# A Comparative Field Study in the Kindergartens of Koya City

**Shayda Hussein Abbas**
**Educational Psychology, College of Education for Humanities, University of Kirkuk, Iraq**
**Shayda.h@gmail.com**

**Keywords** : Play, Learning through, Language Skill, Kindergarten, Skill

**How To Cite This Article**
Abbas ,Shayda Hussein , A Comparative Field Study in the Kindergartens of Koya City The Role of Learning Through Play in Developing Language Skills in Kindergarten Children from the Perspective of Teachers ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ABSTRACT
From the beginning until now, the early stages of human life are an important basis for human development, especially linguistic development, and early age is the basis for personality formation and learning and...etc. Play has become a reliable way to teach children in educational institutions, especially in kindergartens. Nowadays, play is so important for teaching that play is not seen as a leisure or entertainment, but as a way to build children's personalities and skills. There is no doubt that language skills are well developed by children using toys by expressing their opinions about the toys and being forced to interact with their peers, or asking questions about how to use toys, etc The objective of this study is to determine the role of learning through play in the development of language skills in kindergarten children in Koya city, as well as to determine the role of learning through play on each of the

language skills (listening, speaking, reading). The researcher used the descriptive method. The study population consisted of all kindergarten teachers in the center of Koya city for the academic year (2024-2025), numbering (13) kindergartens and (173) teachers, who were selected by simple random sampling. The instrument used was a measure for diagnosing language skills. Due to the scarcity of studies in the Kurdish language, the researcher prepared the measure and, for this purpose, relied on educational literature and previous studies. The most important statistical tools used were (Alpha Cronbach, Correlation Coefficient, One-sample T-test). The results showed that:

- Learning through play has a high-level role in the language skills of kindergarten children in the center of Koya city.
- Speaking skill develops more significantly compared to listening and reading skills when using learning through play among kindergarten children in the center of Koya city.

Finally, the researcher presented several recommendations and suggestions in light of the findings.

ملخص

منذ البداية وحتى الآن، تُشكّل المراحل المبكرة من حياة الإنسان أساسًا هامًا لنموه، لا سيما نموه اللغوي، فالمرحلة المبكرة هي أساس تكوين الشخصية والتعلم، وغير ذلك. وقد أصبح اللعب وسيلة فعّالة لتعليم الأطفال في المؤسسات التعليمية، وخاصة رياض الأطفال. في الوقت الحاضر، بات اللعب عنصرًا أساسيًا في التعليم، حتى أنه لم يعد يُنظر إليه على أنه مجرد ترفيه أو تسلية، بل كوسيلة لبناء شخصيات الأطفال ومهاراتهم. ولا شك أن المهارات اللغوية تتطور بشكل ملحوظ عندما يستخدم الأطفال الألعاب، فيُعبّرون عن آرائهم حولها، ويتفاعلون مع أقرانهم، ويطرحون أسئلة حول كيفية استخدامها، وغير ذلك.هدفت هذا البحث، تعريف دور تعلم باللعب على تنمية اللغوية لدى الاطفال رياض في مدينة كويه و تعرف أيضًا على دور تعلم باللعب في كل من مهارات اللغة (الاستماع، التحدث، القراءة)، استخدمت باحثة المنهج الوصفي، كونت مجتمع بحث من كل معلمات رياض الاطفال في مركز مدينة كوية لعام دراسي (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، عددهم (١٣) رياض و (١٧٣) معلمات. تم اختيارها بطريقة العشوائية، الأداة المستخدمة هي مقياس لتحديد المهارات اللغوية. ونظرًا لقلة الأبحاث باللغة الكردية، باشر الباحث بإعداد مقياس، واعتمد في ذلك على الأدبيات التربوية والبحوث السابقة. ومن أهم الأدوات الإحصائية المستخدمة (Alpha cronbagh, Corelait person, One sample T. test)وأظهرت النتائج:

- ظهرت أن تعلم باللعب لها دور بمستوى عال من المهارات اللغوية لدى الاطفال رياض في مركز مدينة كوية.
- -ظهرت أن مهارات التحدث تطور أكثر من مهارات الاستماع والقراءة باستخدام التدريس باللعب لدى أطفال الروضة في مركز مدينة كويا.

وأخيرًا، قدمت الباحثة بعض التوصيات في ضوء النتائج.

**رۆڵی فێرکردن بە یاری لە گەشەسەندنی کارامەیی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە. توێژینەوەیەکی مەیدانی بەراوردکارییە لە باخچەی منداڵانی شاری کۆیە**

**توێژەر: شیدا حسین عباس**

Shayda.h@gmail.com

**پسپۆڕی: دەرونزانی پەروەردەیی، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆییەکان، زانکۆی کەرکوک، عیراق**

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی ڕۆڵی فێرکردن بەیاری لەسەر گەشەی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە لە شاری کۆیە، هەروەها زانینی ڕۆڵی فێرکردن بەیاری لەسەر هەریەک لە کارامەییەکانی زمان (گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە) توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێنا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی شاری کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی(2024-2025)، کە ژمارەیان(13) باخچەو (173) مامۆستا بوو، کە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراوە. ئامرازی بەکار هاتوو بریتییە لە پێوانەی دەستنیشانکردنی کارامەیی زمانەوانی، لەبەر کەمی توێژینەوە بە زمانی کوردی، توێژەر دەستی کرد بە ئامادەکردنی پێوانەیەکە و بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر پشتی بەست بە ئەدەبی پەروەردەیی و توێژینەوەکانی پێشوو، لە گرنگترین ئەو کەرەستە ئامارییانەی بەکارهاتووە بریتییە لە (Alpha cronbagh, Corelait person, One sample T. test)ئەنجامەکان دەریانخست کە:

- دەرکەوت کە فێرکردن بە یاری ڕۆڵی هەیە لەسەر کارامەیی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە لە ناوەندی شاری کۆیە بە ئاستێکی بەرز.
- دەرکەوت کە کارامەیی قسەکردن زیاتر گەشەدەسەنێت بەراورد بە کارامەیی گوێگرتن و خوێندنەوە بە بەکارهێنانی فێرکردن بەیاری لای منداڵانی باخچي لە ناوەندی شاری کۆیە.

لە کۆتاییدا توێژەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان چەند ڕاسپاردە و پیشنیازێکی پێشکەشکرد.

کلیلەکانی توێژینەوە: یاری، فێرکردن بە یاری، کارامەیی زمان، منداڵی باخچە ، کارامەیی

١. پێشەکی

هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستاش قۆناغەکانی سەرەتای تەمەن لە ژیانی مرۆڤ بنەمایەکی گرنگن بۆ گەشەی مرۆڤ و بەتایبەتی گەشەی زمانەوانی، هەروەها سەرەتای تەمەن بنەمای دروستبوونی کەسایەتی و فێربوونە، منداڵ بەهۆی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت دەتوانێت کارامەییەکانی دروستبکات، بۆیە گرنگە ئەو ژینگەیەی منداڵی تێدا دەژیت یان تایبەتن بە پەروەردەکردنی منداڵ بەو شێوەیە ڕێکبخرێن سود بە منداڵ بگەیەنێت لە ڕووی گەشەی هزری، جەستەیی، کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و...هتد. یاریکردن بووە بە ڕێگایەکی باوەڕپێکراو بۆ فێرکردنی منداڵ لە دامەزراوە پەروەردەییەکان بە تایبەتی لە باخچەی منداڵان، لە ئێستادا ئەوەندە گرێگی بە یاریکردن دەدرێت بۆ فێرکردن، وایلێهاتووە یاریکردن بە شێوەیەک سەیرناکرێت کە بۆ کاتی بەتاڵ بێت یان بۆ خافڵاندنی منداڵان بێت بەڵکو بەشێوەیەکی جیاوازتر سەیردەکرێت کە دەبێتە هۆی بنیادنانیکەسایەتی و کارامەییە جیاوازەکانی منداڵ. گومانی تێدا نییە کارامەیی زمانەوانی بەباشی پەرەدەسەنێت بە بەکارهێنانی یاری لای منداڵان بەهۆی دەربڕینی بۆچوونیان لەسەر یارییەکەو بە ناچاری مامەڵەکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانی کەلەگەڵی بەشدارن لە یاریکردنەکە، یان پرسیارکردن لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی

یاری...هتد، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی هانی منداڵ بدات بۆ ئەوەی قسەبکات و دەنگی دەربڕێت و شەرمی بشکێت لە قسەکردن، خۆشەویستی بۆ یاریکردنەکە هانی دەدات بەشداری بکات و قسەبکات ئەمەش خۆی تۆماتیکی لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی زۆری ئەو پرۆسەیە دەبێتە هۆی گەشەی زمانەوانی. باخچەی منداڵان ژینگەی دووەمی منداڵە و کاتێکی زۆری ڕۆژەکەی تێدا بەسەردەبات، منداڵ لە باخچەی منداڵان بە کۆمەڵێک شتی جیاواز ئاشنا دەبێت لە پەروەردەو فێرکردن و مامەڵەکردن، بۆیە شارەزایان بیریان لە سەرنجڕاکێشترین ڕێگا کردەوە بۆ ئەوەی بە کاتێکی کەم و بە شێوەیەکی چێژبەخش منداڵ فێرببێت ئەویش فێرکردن بە یارییە، کە بریتییە لە گرینگترین ڕێگاکانی فێرکردنی پەروەردەیی بە کەمترین کات و بەشێووەیەکی چێژبەخش کە لەڕێگەیەوە ئامادەدەبێت بۆ فێربوونی کارامەیی زمان بە شێووەیەکی پێگەیشتوانە کە لە سێ ڕیهەندی بنچینەیی خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش گوێگرتن، قسەکردن و ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە. بە هۆی ئەوەی منداڵ لەە تەمەنە ئارەزووی یاری کردن دەکەن و چێژی لێوەردەگرن، گرینگە مامۆستایانی باخچەی منداڵان ئەوهەلە بقۆزنەوەو لەکاتی فێرکردنی پیتەکان یان پەروەردەکردنیان یاریکردن بەکاربهێنن، بەم کارەیان دەتوانن شادی بخەنە دڵی منداڵان و لەهەمان کاتیشدا ئامانجەکەی خۆی دەپێکێت لە فێرکردنی هەر بابەتێک کە ئامانجی وانەکە بووە.

**٢. کێشەی توێژینەوە**

کێشەی زمانەوانی کێشەیەکی گەورەیە لەم سەردەمی ئێستادا لەناو منداڵان بڵاوە، کە بە ڕێژەی ٥٪ - ١٠٪ دەخەملێنرێت لە نێو ئەو منداڵانەی نەچۆتنە قوتابخانە، ئەم کێشەیە بەو مانایە دێت منداڵ توانای نییە لە جیاکردنەوە و تێگەیشتنی زمان بەبەراورد بە هاوتەمەنەکانی() ناوباخچەکانی منداڵان ئەو شوێنەیە کە تایبەت کراوە بە پەروەردەکردنی منداڵ، وا دادەنرێت ئەم قۆناغەی تەمەن قۆناغی بنیادنانی کەسایەتی و ئامادەباشی بێت بۆ فێربوون، لەگەڵ ئەوەشدا لەم قۆناغە وردە وردە کارامەییەکانی دیکەی گەشە دەسەنێت وەکو کارامەیی پەیوەندی گرتن و کارامەیی زمان و ...هتد. لە باخچەی منداڵان یاریکردن بەکاردەهێنن بۆ فێرکردن لەبەرئەوەی منداڵ لەو تەمەنە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی ئەوەی کە ژینگە پێشکەشی دەکات، بۆیە فێرکردن بە یاری بووە بە چالاکییەکی ئاڕاستەکراو لە باخچەکان ئەمەش یارمەتیدەری منداڵ دەبێت بۆگەشەکردنی توانا هزری و دەروونی و زمانەوانیان. منداڵ بەهۆی ئەوەی لە خێزانەکەی دوردەکەوێتەوە و یەکەمجارە دێتە ژینگەیەک کە کەسانێکی جیاواز و نامۆ لەدەورین دوور لە خێزانەکەی ئاستنەگی زۆری بۆ دروست دەبێت لە باخچەی منداڵان، کەم منداڵ هەیە بتوانێت خۆی بسازێنێت و کێشەی نەبێت لەسەرەتای دەستپێکی باخچە، منداڵان دورەپەرێز دەبن و توانای قسەکردنی لاواز دەبێت و ناتوانێت گوزارشت لەهەست و پێداویستییەکانی بکات، بەڵام دەکرێت بە هۆی ئەنجامدانی یاری سەرنجڕاکێش و بەشداری پێکردنی منداڵان بتوانرێت و کارامەیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی منداڵ زوو چارەسەر بکرێت. لەم سەردەمەی ئێستاماندا کێشەی گەورەی منداڵان قسەنەکردنە، بەهۆی زۆر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، سەرقاڵی دایکوباوک لەم ڕۆژگارەی ئێستادا، یان بەهۆی کێشەی تەندروستی دیکە، ڕۆڵی مامۆستای باخچەکان زۆر گەورەیە لە پێشخستنی کارامەیی زمان، چونکە ئاسان نییە منداڵێک کارامەییەکی لاوازی هەبێت کاری لەگەڵ بکەی و ڕایبهێنی لەسەر بەرزکردنەوەی ئەو کارامەییە. هەموو ئەوانەی باسکران، بوونە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی توێژەر توێژینەوە لەسەر ئەم

بابەتە بکات و بگاتە وەڵامی ئەم پرسیارە: ئایا فێرکردن بە یاری ڕۆڵی هەیە لە گەشەسەندنی کارامەیی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە؟

**٣. گرینگی توێژینەوە:**

منداڵانی باخچە ئەو منداڵانەن کە تەمەنیان لە نێوان ٤-٥ ساڵاندایە، گرنگترین تەمەنە بۆ بونیادی کەسایەتی مرۆڤ بە پێی بۆچوونی زانای گەورەی دەرونزانان (سیگموند فروید) هەروەها لەوتەمەنە کاتی گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیانیانە وەکو کارامەیی کۆمەڵایەتی، زمانەوانای هزری ...هتد (ایشین، ٢٠١٨،ل:١). لە سەردەمی فێرکردنی نوێدا، فێرکردن بە یاری بووە بە ستراتیژیەکی کارگەر بۆ هاندانی منداڵ و گەشەکردنی کارامەییەکانی بە ڕێگایەکی جیاواز و دوور لە ڕێگای کلاسیکی. ئەم ڕێگایە زۆر کاریگەرە لە باخچەی منداڵان، چونکە پەروەردە لەگەڵ کات بەسەربردن تێکەڵ دەکات، هانی منداڵ دەدات بۆ ئەوی بگەڕێت بە دوای دۆزینەوەی شتەکان و فێربوونێکی چالاکانە، فێربوون لە ڕێگەی یاریکردنەوە تەنها کات بەسەربردن نییە، ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ پەرەپێدانی کارامەیی و هاندان و خۆشەویستی بۆ پرۆسەی فێربوون.(اکادیمی،٢٠٢٤،ل:١). هەریەک لە زانایان (فروبل) و (مونتیسوری) پێیان وایە کە منداڵ باشتر فێردەبێت لەو چالاکیانەی ئەنجامی دەدەن بەراورد بەوەی بە خەیاڵ بۆی دروست دەبێت. ، بۆ نموونە مۆتیسوری هەموو لایەنەکانی یاریەکانی نەدەخستە بەردەستی منداڵەکان بەڵکو خۆیان لە ئەنجامی یاریکردنەوە لایەنەکانی دیکەیان بۆ دەردەکەوت. هەروەها زانا فرۆبڵ یاری ئازادی پێ باشترە و گرینگی تایبەتی بە یارییە ئازادەکان داوە، هەروەها دڵنیامان دەکاتەوە لە بەهای ئاری ئازاد وەکو ڕێگایەکی تەواوکەر بۆ گەشەی زمانەوانی و بیرکردنەوە و گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ.(لیز وود و آخرون،٢٠٠٩،ل: ١٢). گەشەی زمانەوانی کۆمەڵێک کارامەیە پێویستە لەسەر تاك فێریان ببێت لەکاتی ئارەزووکردنی فێربوونی زمانێک یان لەکاتی فێربوونی زمانی دایک. ئەو کارامەییانەش دروستکردنی وشە، ڕستەو دروستکردنی پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و تێگەیشتن لێیان، دروستبوونی کارامەیی زمان بەدوو ڕێگا دەبێت یەکەمیان بە ڕێگای وەرگرتنی زانیاری لەڕێگەی گوێگرتن و خوێندنەوە، دووەمیان دروست کردن و بەرهەمهێنانی وشە دەبێت لە ڕێگەی نووسین و قسەکردنەوە.(حسین، ٢٠٢٢،ل: ١)

گرینگی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:

١. گرینگیئەم توێژینەوەیە لە نموونەی توێژینەوەکەیە کە منداڵانی باخچەن، ئەم تەمەنە گرینگە بۆ دروستبوونی کارامەییەکانی ژیان بە تایبەت کارامەیی زمان.

٢. گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کەیارمەتی دەری مامۆستایانی باخچەیە بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی کێشەی زمانیان هەیە لە ڕێگەی یارییەوە هاوکاریان بن.

٣. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ڕێگە ڕۆشن دەکاتەوە بۆ مامۆستایان بۆ شارەزابوون و گرینگی فێرکردن بەیاری بۆ ئەو تەمەنە و هەڵبژاردنی یارییەکی فێرکاری گونجاو بۆ ئەوەی بە کاتێکی کەم زۆرترین زانیاری ببەخشێت.

٤. کەمی توێژینەوە لە بواری منداڵانی و باخچە و گرینگیدان بە فێرکردنیان و بنیادنانی کارامەییەکانیان.

**٤. ئامانجی توێژینەوە**

١. دەستنیشانکردنی ئاستی فێرکردن بە یاری لەسەر گەشەی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە لەشاری کۆیە.

٢. زانینی پەیوەندی لە نێوان فێرکردن بە یاری و گەشەی زمانەوانی
ئامانجی لاوەکی:

**٥. پرسیارەکانی توێژینەوە**

ئایا فێرکردن بە یاری پەیوەندی هەیە بە گەشەی زمانەوانی؟

٥. سنوری توێژینەوە

سنوری مرۆیی: مامۆستایانی باخچە لەشاری کۆیە.
سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥
سنوری شوێنی: ناوەندی شاری کۆیە
سنوری بابەتی: ڕۆڵی فێرکردن بە یاری لەگەشەسەندنی کارامەیی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە لە شاری کۆیە

**٦. پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە**

فێرکردن بە یاری

(المصري، ٢٠٠٩) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:
قۆستنەوەی چالاکی و یاریکردنە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری و نزیکبوونەوە لە بنەمای زانستی و فراوان بوونی ئاسۆی زانیاریان.

(روجرز، ٢٠١٥) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:
چالاکییەکی ئاڕاستەکراوە منداڵ ئەنجامی دەدات بەمەبەستی گەشەسەندنی ڕەفتار، توانای هزری و جەستەیی و سۆزداری و لەهەمان کاتدا بەسەربردنی کاتێکی خۆش.

(العناني،٢٠٢١، ل: ١١٥) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات
زانا فرۆید پێی وایە یاری وەکو خەوبینین وایە، منداڵ دوردەکەوێتەوە لە واقعی ژیانی، بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات کەخۆی دەیەوێ و مەبەستییەتیێ گوێدانە ئەوەی کە ڕەخنەی لێبگیرێت، جیهانێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات حەزو ئارەزوەکانی تێدا جێبەجێ دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی داهێنان و فراوانبوونی مێشکی منداڵ.

پێناسەی ڕێکاری بۆ فێرکردن بە یاری
فێرکردن بەیاری تەنها چالاکییەکی چێژ بەخش نییە بەڵکو چالاکییەکی ئاڕاستەکراوە مامۆستایان بەکاری دەهێنن بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی وانەکەیان بە کەمترین کات و ماندووبوون، هەروەها زانیارییەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر دەمینێتەوە لە یادەوەری منداڵ.

**کارامەیی زمانەوانی**

(Husain، 2015) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات
زمان لە بنەڕەتدا کارامەییەکە وەکو بابەتەکانی بیرکاری، زانست و کۆمەڵایتی نییە کە مەبەستیان گەیاندنی زانست بێت بەڵکو کارامەییەکە بەشێوەیەکی سروشتی لە مرۆڤدا بوونی هەیە، زمان کارامەییەکی ئاڵۆزە کە چوار کارامەیی لاوەکی لەخۆدەگرێ ئەوانیش (قسەکردن، گوێگرتن، نووسین و خوێندنەوە).

(الجمیلي، ٢٠١٣) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات
کارامەیی زمان بریتییە لە توانای بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا، جا بە قسەکردن بێت یان نووسین. ئەم کارامەییانە بریتین لە گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە و

نووسین و پێویستیان بە شارەزایی لە ڕێزمان و تێگەیشتن لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کولتووری زمانەکە هەیە.

(2014 ،Halina& another) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات

بریتییە لە کۆمەڵێک توانا کە تاک بەکاری دەهێنێت لەکاتی پەیوەندی گرتن بەدەورو بەر بۆ بەدەست هێنانی زانیاری و شارەزابوون لە کلتور و دابو نەریتی نەتەوەکان.

پێناسەی ڕێکاری بۆ کارامەیی زمان

کارامەیی زمانەوانی یەکێکە لەو کارامەییانەی کە تاك هەمیشە لە هەوڵی فێربوونیەتی، هەر لەمنداڵییەوە لە ڕێگەی لاسایی کردنەوە دەست دەکات بە فێربوونی، توانای فێربوون و پەرەدان بەو کارامەییە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە.

## ٧. چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### ٧,١چوارچێوەی تیۆری:

فێرکردن بە یاری

یاری: چالاکییەکی جەستەیی و هزریە لەلایەن منداڵەوە ئەنجامدەدرێت،بۆ ئاشنابوون و دۆزینەوەی ئەو شتانەی لە دەوروبەری هەیە.یاریکردن ئاسودەیی بە منداڵ دەبەخشێت و ڕەفتارەکانی گەشەدەسەنێت، هەروەها یاریکردن بە بەبەشێک لە گەشکردنی هزری و زیرەکی منداڵ دادەنرێت (العزیز و النواسیه، ٢٠١٣،ل: ١٠). یاریکردن ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە ژیانی منداڵ، بەجۆرێک کە ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان یاری و ژیانی ڕاستیدا، ئەو خەیاڵانەی لە مێشکیدایە لە ڕێگەی یاریکردنەوە ئەیکات بە ڕاستی و جێبەجێی ئەکات، یاریکردن پرۆسەیەکی خود فێرکردنە، منداڵ خۆی خۆی فێردەکات و هەڵەکان ڕاست دەکاتەوە و ئەزموونەکان دووبارەدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هەست بە شکانەوە بکات، هەر کاتێک ئەنجامی یارییەکەی بەدڵ نەبوو لە جوڵە دەوستێت و ڕادەمێنێ، بیردەکاتەوە و جوڵەکانی خۆی کۆنترۆڵ دەکات و دووبارە هەوڵ دەدتەوە بەجۆرێکی دیکە تا ئەنجامێکی باشتر بەدەستبهێنێت (الخفاف، ٢٠١٥؛ل: ٢٥).

فێرکردن بە یاری:

یاریکردن بە چالاکییەکی زگماک دادنەرێت کە منداڵ لەتەمەنی یەک مانگییەوە ئەنجامی دەدات، چەندین جۆرو شێوەی یاریکردن هەیە، یاری بە گروپ و بەتاک هەیە، بە شێوەی ڕێکخراو و هەڕەمەکیش هەیە، یارییەکە لەهەر شێوە و جۆرێک بێت مندال هەست بە ئاسودەیی و دڵخۆشی دەکات لەکاتی یاریکردنەکە هەروەها ئاسانکاری بۆ گەشەی منداڵەکە دەکات لە ڕووی کارلێککردن، کۆمەڵایەتی، زانەکی و جەستەیی (الصرایرة، ٢٠١١،ل:١٨).

کەواتە فێرکردن بەیاری قۆستنەوەی چالاکی و یاریکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و نزیکبوونەوە لە بنەما زانستییەکانی تەمەنی منداڵی و فراوانکردنی بنەما زانەکییەکانی منداڵ.( الحربي، ٢٠٢٠،ل: ٤٦)

**گرینگی فێرکردن بە یاری:**

یاریکردن یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکانی فێرکردن بۆ ئەوەی سەرنجی منداڵ ڕابکێشێ و ئارەزووی فێرکردنی زیادببێت، یاریکردن کەشێکی جیاواز و خۆش دروستدەکات بۆ ئەوەی ببێتە پاڵنەر بۆ فێربوونی منداڵ، یاریکردن بە ئامرازی فێرکردن دادەنرێت چونکە یارمەتی منداڵ دەدات لە:

١. بەدەستهێنانی چەندین زانیاری لە جیهانی چواردەوری، بە هۆیەوە سیفاتی کەلوپەل و بوونەوەرەکانی دەوروبەری دەناسێت لە شێوە و قەبارە و ڕەنگ، هەروەها خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوانیشیان دەزانێت.
٢. لە ئەنجامی ئەزموونکردن و ئاشکراکردنی شتەکانی دەوروبەری زیاتر خودی خۆی دەناسێت، دەزانێت ئەزی لە چییەو کێشەکانی هەروەها دەتوانێت چارەسەری کێشەکانی بکات.
٣. یاریکردن چەندین ئامانجمان بۆ بەدیدەهێنێت لە کەسایەتی منداڵ ئەوانیش:
- هەستکردن بە سەربەخۆیی، پشتبەخۆبەستن و توانای بڕیاردانی دەبێت و خودمتمانەیی لا دروستدەبێت.
- کۆتایی هێنان بە شەرمنی و گۆشەگیری
- ناسینی خود و قبوڵکردنی کەسانی تر.
- کەمکردنەوەی ئاستی دڵەڕاوکێی تورەیی(الحارثي، ٢٠١٧،ل:٢٧)

**بنەماکانی فێرکردن بە یاری:**

بنەمای دەروونی

یاریکردن لەسەر کۆمەڵێک بنەمای دەروونی کاردەکات ئەوانیش:
١/ یاری یەکێکە لە گرینگترین پێداویستییەکانی مرۆڤ لەهەر تەمەنێک بێت، هەموو مرۆڤێک پاڵنەرێکی هەیە بۆ ئەنجامدانی یاری، بەتایبەتی بۆ منداڵ بنەمایەکی ئەساسییە و پێویستە ئەو پێداویستیەیان بۆ تێربکرێت بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا تووشێ دڵەڕاوکێی و شڵەژانی دەروونی نەبن.
٢/ یاریکردن پرۆسەیەکی گەشەکردنە و قۆناغ بە قۆناغ دەڕوات، واتە یاریکردن گەشەدەکات بەپێی گەشەی مرۆڤەکان بەپێی ئەو ژینگەیەی تێیدادەژیت، بە هەڕەمەکی دەست پێدەکات و ڕێکخراو نییە، دواتر وردە وردە لە هەڕەمەکییەوە دەگۆڕێت بۆ ڕێکخراو، بە شێوەیەکی هەستەکی دەستپێدەکات دواتر دەبێتە جوڵە، ئاشکراکردن ، هزری و دواتر ئەزمونکردن و بە گروپکردن.( منشي، ٢٠٠٧،ل: ٤٥)

بنەمای پەروەردەیی:

ئەگەر وردببینەوە لە پرۆسەی پەروەردەکردن و سەرنج بدەین یاری کردن چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لە پەروەردەکردنی منداڵ و لە دروست کردن و گەشەسەندنی کەسایەتی لەهەموو لایەنەکانی جەستەیی، هزری، هەستی، زمانەوانی، هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی ئەوا توێژەران پێشنیازی ئەوەیان دەکرد کە یاریکردن بەشداربێت لە داڕشتنی پرۆگرامی خوێندن.

پسپۆڕانی بواری گەشەی منداڵ پێشنیازدەکەن بەم شێوەیە گرنگی بە یاریکردن بدەن لە ناو پرۆگرامەکانیان:
١/ یاریکردن بەشێک بێت لە پەروەردەکردنی منداڵ و گەشەسەندنی لەهەموو لایەنەکانی.
٢/ بەشێوەیەک سەیری یاریبکرێت کە شێوەیەکە لە شێوەکانی فێرکردن.
٣/ یاریکردن ڕێگایەکە بۆ فێرکردن و فێربوون لە پرۆگرامی منداڵان.(Banf, 2009,p:438)

**مەرجەکانی فێرکردن بە یاری:**

بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئامانجانەی هەمانە بێتەدەی بە یاریکردن پێویستە:
١. منداڵ ئاگاداری ڕێساو یاساکانی یارییەکە ببێت، بۆ ئەەی بزانێت چی لێ داواکراوە و وەڵامی گونجاو بداتەوە.
٢. منداڵ ئارەزووی یارییەکە بکات.

٣. پەیوەندی نێوان یاری و کردارەکە ڕوون و ئاشکرابێت بۆ ئەوەی بزانرێت کە لەو یارییەوە چی فێردەبێت.
٤. یارییەکە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکان گونجاوبێت (العناني، ٢٠١٨؛ل: ٨٤ )
٥. یارییەکە بەشێک بێت لە بەرنامەی فێرکردن.
٦. مامۆستا دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە ئەو یاریە دەیگەیەنێتە ئامانجی بابەتەکە و لەکاتێکی گونجاو بەکاری بهێنێت (القحطاني، ٢٠٢٠،ل:٩٦)

**جۆرەکانی فێرکردن بە یاری لە باخچەی منداڵان:**

- یاری جەستەیی

یەکێکە لە بڵاوترین جۆری یاریە، ئاسانتر دەتوانرێت چاودێری گەسەندنی منداڵەکان بکرێت چ بە تاك بێت یان بە کۆمەڵ.

- یاری ڕۆڵوازی:

ئەم یارییە بە ڕۆڵوازی دەستپێدەکات، وا لەمنداڵ دەکات ناخی خۆی دەربڕێت و هەستەکانی باس بکات ئنجا هەستی شادی بێت یان غەمباری و دڵەڕاوکێ بێت، هەروەها ڕێگا بۆ منداڵەکە خۆش دەکات کە بەشێوەی دەنگی بەرز بیربکاتەوە، هەروەها هەماهەنگی لە نێوان جەستەو هزریدا دروست دەبێت، لێرەدا تەنیا مێشک و دەنگی بەکارناهێنێت بەڵکو هەموو جەستەی بەشدار دەبێت لەو یارییە.

- یاری ڕێکخستن و بنیادنەر

یاری ڕێکخستن و بنیادنان کارێکی بونیادنەرانەیە بەبەکارهێنانی ڕەنگەکان و تیانووس و قوڕی صناعی و پەزڵ...هتد، ئەم جۆرە یارییە سودی زۆری هەیە بۆ منداڵ ئەوانیش:
١/ پەرەپێدانی توانا جوڵەیی و ماسولکەکانە، ئەمەش بە وردبوونەوەو دروستکردنی شتی نوێیە لەلایەن منداڵانەوە، ئەم جۆرە یارییە بە داهێنان ناودەبرێت.
٢/ گەشەسەندنی توانای دەربڕین، باسکردنی ئەوەی لە چواردەوری دەگوزەرێت.
٣/ گەشەسەندنی توانای کۆنترۆڵکردن و بڕیاردان، ئەمەش بەهۆی مامەڵەکردن و کارلێککردنی لەگەڵ یارییەکان.
٤. توانای گوزارشت کردنی دەبێت لە هەڵچونەکانی بەشێوەیەک کە پەسەندکراوبێت لەلایەن کۆمەڵگاوە.
(Baek, 2009,p:109)

**بیردۆزەکانی یاریکردن:**

تیۆری کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ: تیۆری دەروونشیکاریی (سیگمۆند فرۆید)ە، کە یاریکردن وەک پرۆژەیەک بۆ ئارەزووەکان و دووبارە نواندنەوەیەک بۆ ململانێ و ڕووداوە ئازاربەخشەکان بۆ کۆنترۆڵکردنیان ڕوون دەکاتەوە. یاری منداڵان بە ڕێکەوت ڕوونادات، بەڵکو بە هەست و سۆز کۆنترۆڵ دەکرێت، جا منداڵەکە ئاگاداری بێت یان نا. ئەگەر منداڵەکە یاریکردن جیا بکاتەوە لە واقیعەوە، شتەکان لە واقیعەوە بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی جیهانی خۆی یاریکردن یارمەتی کەمکردنەوەی گرژی و دڵەڕاوکێ دەدات، ئەمەش وایکرد فرۆید وەک شێوازێکی چارەسەری بۆ منداڵانی کێشەدار بەکاریبهێنێت (خالیدە، ٢٠١٩، ل:١٩)

تیۆری ئامادەکاری بۆ ژیانی داهاتوو و پراکتیزەکردنی کارامەییەکان:
کارل غرۆس، دامەزرێنەری تیۆری یاریکردن، لە بنەمایەکی تەواو بایۆلۆژییەوە نزیک دەبێتەوە لە یاریکردن، بەگشتی یاردیکردن بۆ هەر زیندەوەرێک تەنها مەشقێکی ئەندامەکانە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانرێت کۆنترۆڵی بکات و بە ئازادی بەکاربهێنێت یاریکردن پەیوەندییەکی نزیکی بە پەروەردە و لاساییکردنەوە هەیە. تیۆرەکە گرنگی بە یاری مرۆڤ و ئاژەڵان دەدات. کاتێک مرۆڤ لەتەمەنی منداڵی یاری دەکات، ئەوە مانای وایە ڕاهێنان دەکات و خۆی ئامادەدەکات بۆ ژیانی داهاتووی، وەکو ئەوەی کە منداڵێکی کچ یاری بە بوکەڵەکەی دەکات و ماڵەباجێنەدەکات، ئەوە مانای وایە خۆی بۆ کاری دایکایەتی ئامادەدەکات.
تیۆری جان بیاجێ بۆ یاریکردن
بیاجێ پێی وایە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان یاریکردن و گەشەی زیرەکی منداڵ،
تیۆری یاری بیاجێ ئەرکێکی بایۆلۆجی ڕوونی هەیە، بەو پێیەی چالاکییەکی دووبارەبووەوە و ڕاهێنانە کە لە ڕووی دەروونییەوە نوێنەرایەتی دۆخ و ئەزموونی نوێ دەکات.
ئەم تیۆرە لەسەر سێ گریمانە بنیادنراوە:

- گەشەکردنی دەروونی بە شێوەیەکی زنجیرەیی بەرەوپێش دەچێت کە دەتوانرێت خێرا یان هێواش بکرێتەوە.
- ئەم زنجیرەیە بەردەوام نییە، بەڵکو لە قۆناغەکان پێکدێت، کە یەکێکیان دەبێت پێش قۆناغی داهاتوو تەواو بکرێت.
- ئەم زنجیرە گەشەسەندنی دەروونییە دەتوانرێت بە پشتبەستن بە جۆری پرۆسەی لۆژیکی کە لەخۆی دەگرێت ڕوون بکرێتەوە. (السلوم، ٢٠٠٠،ل:٢٠)

لە ڕێگەی ئەم تیۆریانە زیاتر بۆمان ڕووندەبێتەوە کە یاریکردن بۆ فێربوون و گەشەکردنی منداڵ پێویستە. منداڵ لە ڕێگەی یاریکردنەوە شارەزای خۆی و کەسانی دیکە دەبێت و ژینگەی دەوروبەری دەگەڕێت و لە ڕووی مەعریفی، زمانەوانی، سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە گەشە دەکات.

**سوودەکانی فێرکردن بە یاری:**

یاریکردن ئاسانترین ڕێگایە بۆ پرۆسەی فێرکردنی منداڵ، بێگومان بەهۆی ئەم سودانەی خوارەوە:
١/ زۆرترین هەستەوەری تێدا بەکاردەهێندرێت وەکو بینین، بیستن، بەرکەوتن و هەندێکجار تامکردن و بۆنکردنیش دەگرێتەوە. ئەوەش لەزانست سەلمێندراوە تا زۆرترین هەست بەکاربێت زیاتر و زووتر فێردەبین.
٢/ بە یاریکردن دەتوانرێت ئاراستەو بیرکردنەوەی تاکەکان بگۆڕدرێت.
٣/ یاریکردن ئاسودەبەخشەو بێزاری ناهێڵێت لە هۆڵی فێرکردن.
٤/ یارکردن نزیکت دەکاتەوە لە واقعی ژینگەیی.
٥/ منداڵ دەتوانێت بە یاریکردن بە کەمترین کات زۆرترین زانیاری وەربگرێت.( Rechard, 2010,p: 46)

**ئاستەنگەکانی فێربوون لە ڕێگەی یاریکردنەوە بۆ منداڵانی باخچە:**

١/ نەبوونی توانای ئابووری باش لە باخچەی منداڵان بۆ دابینکردنی ئامرازەکان.
٢/ نەبوونی سەلامەتی و ئاسایش لە شوێنی یاریکردن.

٣/ نەبوونی هۆڵی خوێندنی فراوان و گونجاو بۆ یاریکردن، ئەمەش لە سودی یارییەکە کەمدەکاتەوە.
٤/ کەمی یاری جوڵەیی لە باخچەکان بەهۆی کەمی شوێنەوە.
٥/ بێتوانایی مامۆستا لە کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردنی یارییەکە. (قصیر، زردومی، ٢٠٢٠، ل ٢٠)
ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە پاڵپشتیکردنی یاری پەروەردەیی:
پێویستە لەسەر هەرکەسێک کە خاوەنی باخچەی منداڵانە، دایکە، یان مامۆستایە گرنگی بە فێرکردنی خودی بدات لە ڕێگەی یاریکردنەوە بۆ ئەوەی کاریگەری باشی هەبێت لەسەر گەشەسەندنی کەسایەتی و باوەڕبەخۆبون و توانای بڕیاردانی منداڵ. هەروەها باخچەی منداڵان ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پاڵپشتیکردنی فێرکردن بەیاری بەم ڕێگایانەی خوارەوە:
* دابینکردنی ژینگەیەکی دروست و فراوان کە بگونجێت لەگەڵ یاسای فێرکردن بەیاری.
* فێرکردنی منداڵ بە چالاکی و یاری ئاراستەکراو بۆ گەشەسەندنی لایەنی جەستەیی و هەستەکی و کۆمەڵایەتی
* پێدانی زانیاری لەسەر ڕێساو یاسای یارییەکە لەکاتی پێویستی .
* دابینکردنی کەشێکی گونجاو وئامادەبوونی منداڵی دیکە و بەشداریکردنیان لە یارییە فێرکارییەکە بۆ ئەوەی روحی هاوکاریان هەبێت لەگەڵ یەکتری و لەهەمان کاتدا پیشبڕکێی فێربوونیش دروست بێ لە نێوانیان.
* دابینکردنی ئامرازو کەرەستەی فێرکاری گونجاو کە لەگەڵ ئارەزوی منداڵ و ئامانجی فێرکردن یەکبگرێتەوە. (سمية، ٢٠٢٣،ل: ٤٧)

**٧,٢ کارامەیی زمانەوانی:**

**. کارامەیی زمانەوانی:**

ئامرازێکی زمانەوانییە (دەنگی یان بێ دەنگ) کە تاکێک ئەنجامی دەدات، تایبەتمەندە بە خێرایی و وردبینی، لە هەمان کاتدا یاسا ڕێزمانییەکان لەبەرچاو دەگیرێت. (بەغدادی، ٢٠١٣، ل١٠٥)
بریتییە لە گەشەسەندنی توانای منداڵ بۆ بەدەستهێنانی توانای زمان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانای گوێگرتن، قسەکردن، زیادکردنی وشەسازی، دەربڕینی زارەکی و پەرەپێدانی ڕەفتاری سەرەتایی خوێندنەوە و نووسین. (النجار، ٢٠١٤، ل ١٢٣)
ئامانجەکانی کارامەیی زمانەوانی:

- گەشەسەندنی کارامەیی گوێگرتنی منداڵ
- یارمەتی منداڵ دەدات بۆ تێگەیشتن لە دەنگی بستراو ا زمانی نوسراو.
- یارمەتی منداڵ دەدات گوزارشت لە هەستەکانی بکات.
- ئامادەکردنی منداڵ بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسین(البقيمي،٢٠٢٣،ل: ١٩٨ )

جۆرەکانی کارامەیی زمانەوانی:
یەکەم: کارامەیی گوێگرتن:
وەرگرتنی دەنگ و گەیشتنیەتی بە گوێ بە مەبەستی سەرنجدان و گوێگرتن. گوێگرتن یەکەم کارامەیی زمانە کە منداڵ بەدەستی دەهێنێت. ئەم ئەولەویەتە بە هۆی سروشتی زمانەوە بەدەستدەهێنرێت، ئەو زمانە هەرچییەک بێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مرۆڤ ناتوانێت فێری هونەرەکانی تر ببێت، ئەگەر گوێگرێکی باش نەبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە منداڵ ناتوانێت قسە بکات، ئەگەر لە لەدایک بوونیەوە هەستی بیستنی باشی نەبووبێت و هەموو شتێک ببیستێت کە دەتوانێت دەریببڕێت. (Amanda& Kim, 2016,p: 155).

**گرینگی کارامەیی گوێگرتن لای منداڵ:**

**١/ گەشەسەندنی توانای منداڵە لە جیاکردنەوەی دەگ و پیتەکان بە جیاکردنەوەیەکی دروست.**

**٢/ گەشەسەندنی یادگەی گوێگرتن و یارمەتی دانی منداڵ بۆ ئەوەی گوێلێبووە بۆماوەیەکی درێژ بمینێتەوە لەناو یادگەی.**

**٣/ توانای سەرنجی منداڵ وردە وردە زیاد دەکاتلە گوێگرتن لە بابەت و گۆرانییەکان.**

**٤/ منداڵ سامانێکی زارەکی بەدەست دەهێنێت و گەشەی زارەکی پەرە دەسێنێت.( ناشف، ٢٠٠٧، ص ٦٠)**

**هۆکارەکانی کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی گوێگرتن:**

**پرۆسەی گوێگرتن لە ژێر کاریگەری چەندین هۆکاری جیاوازدایە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە گوێگرتنێکی باش و لە گەیاندنی دەنگدا، چ لە لایەن مامۆستا بێت چ لەلایەن فێرخوازەوە بێت. ئەم هۆکارانە هەموویان بە شێوەیەکی بەیەکەوە گرێدراو کاردەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:**

- **پێگەیشتنی بیستن: ئەمەش هەستی بیستن، بیرەوەری بیستن و کاریگەرییە دەنگییە مۆسیقییەکان دەگرێتەوە.**
- **پێگەیشتنی دەروونی: ئەمەش قۆناغەکانی گەشەکردنی دەروونی و پرۆسەی دەروونی دەگرێتەوە.**
- **هۆکارەکانی پەیوەست بە ناوەڕۆکی دەنگی: ئەمەش هەڵبژاردنی ناوەڕۆک و شێوازی گونجاو لەخۆدەگرێت.**
- **هێمای ژینگەیی: ئەمە لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، خێزان، منداڵ و میدیای بینراو و بیستراو دەگرێتەوە. (Deniz & anithers، 2022، p:27ابو شن )**

**دووەم: کارامەیی قسەکردن:**

کارامەیی قسەکردن بە هونەری دووەمی زمان دادەنرێت. زمانناسان ئاماژە بەوە دەکەن کە قسەکردن کارامەیی زمانە کە لە سەرەتای ژیانی منداڵدا دەردەکەوێت و تەنها گوێگرتن پێشی دەکەوێت (Baida, 2024,p: 137)

توانای قسەکردن واتە توانای مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی هەڵوێستی ئەرێنی لەکاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تردا.

دۆخی گفتوگۆ هەمیشە لە قسەکەر پێکدێت، کە هەوڵدەدات بیرۆکەیەکی دیاریکراو بگەیەنێت، بۆچوونێکی دیاریکراو بخاتەڕوو، یان باس لە بابەتێکی دیاریکراو بکات. (أبو شنب و العتيبي، ٢٠١٥، ص ٧٨)

**گرنگی توانای قسەکردن:**

گرنگی توانای قسەکردن بۆ منداڵان لەمانەی خوارەوەدایە:

١/ ئامرازێکی بنەڕەتی فێربوونە، چونکە منداڵ دەبێت بەشداری گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی لەو ئەزموونە پەروەردەییانەی کە پێشکەشی دەکرێن تێبگات.

٢/ دەربڕینی هەڵچوونەکان، دەربڕینی هەست و سۆز و هەستەکان.

٣/ خودهەستی بە منداڵ دەبەخشێت، کە لە ڕێگەیەوە هەست بە توانای کاریگەریکردن لەسەر کەسانی دیکە و پەیوەندیکردن لەگەڵیان دەکات. (سلێمان، ٢٠٢١، ل ٩٠)

**ئامانجەکانی قسەکردن:**

ئەگەر ئەو ئامانجانە دیاری بکەین کە دەکەونە چوارچێوەی کارامەیی قسەکردنەوە، دەتوانین بڵێین کە بریتین لە:

١/ پەرەپێدانی ئەو وشەسازییەی کە منداڵ پێویستی پێیەتی بۆ دەربڕینی شتەکان، کردارەکان و هەستەکان.

٢/ دەربڕینی وشەکان بە شێوەیەکی دروست و خستنەڕووی پیتەکان بە شێوەیەکی دروست.

٣/ بەدەستهێنانی لێهاتوویی ڕێکخستنی بیرۆکەکان بۆ ئەوەی گوێگر لە مانای وشەکان تێبگات.

٤/ لێهاتوویی پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تر. (نەشیف، ٢٠٠٧، ل ٧٣)

سێیەم/ کارامەیی خوێندنەوە:

خوێندنەوە بە یەکێک لە کارامەیی زمانەوانی دادەنرێت و دوو لایەنی هەیە: یەکەمیان ناسینەوەی شێوەی پیت و دەنگەکان و توانای دروستکردنی وشە و ڕستە. لایەنی دووەم بریتییە لە لایەنی زانەکی، ئەمەش دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە بابەتی خوێندنەوە (المنسور، ٢٠١٢، ل٢٢٠).

توانای منداڵە بۆ تێگەیشتن لەواتای وێنەیەک یان هێمایەک، چەمکی وێنەکە بە باشی دەربڕێت و بە ئاسانی بیرۆکەکانی خۆی بگەیەنێتە کەسانی دیکە.

نیشانەکانی ئامادەیی منداڵانی باخچە بۆ خوێندنەوە:

- به باشی گوێ لە بەرانبەر دەگرێت.
- ئاوەڵناو بۆ شت و بوونەوەرەکان بەکاردەهێنێت، وەک (زۆر، بچووک، قورس، لاواز).
- تایبەتمەندییەکانی شتەکان دەزانێت، وەک ڕەنگ و قەبارە و شێوە.

-تامەزرۆیە بۆ سەیرکردنی وێنەکان. (رمضان، ٢٠١٨، ل ٧٤٢)

کارامەیی ئامادەیی خوێندنەوە:

- کارامەیی جیاکاری بیستن: توانای جیاکردنەوەی وشەی هەیە بە شێوەی زارەکی و بیستراو.
- کارامەیی جیاکاری بینراو: توانای جیاکردنەوەی نێوان دوو شت ، دوو وشە و دوو پیت.
- کارامەیی جیاکاری بیستن و بینین: توانای ناسینەوەی ناوی ئەو شتانەی کە منداڵ دەیبینێت و بەستنەوەی وشەی نووسراو بە بدەربڕینی لە کاتی ڕاهێنانی شیکاری فۆنێتیکدا.
- توانای بیرەوەری بینراو: توانای منداڵ بۆ پاراستنی ئەزموونە بینراوەکانی پێشوو و ئەزموونەکانی ئێستا و وەبیرهێنانەوەی ئەم ئەزموونانە.
- توانای دەربڕین و قسەکردن: توانای منداڵ بۆ دەربڕینی پیت و وشەکان بە زارەکی بەشێوەیەکی دروست.
- لێهاتوویی و ئەزموونی زمان: ئەمە توانای منداڵە بۆ دەربڕینی پێداویستی و پێداویستییەکانی بە شێوەیەکی ورد و ڕەوان. وردبینی و ڕوانگەیی و ئاسانکاری بەکارهێنانی زمان بەندە بە هەمەچەشنی ئەو ئەزموونانەی کە بەدەستی هێناوە و پەیوەندییەکەی بەو دۆخەی کە دەیەوێت دەریببڕێت. (النداوی، ٢٠١٩، ل ٣٢)

پەیوەندی نێوان سێ کارامەییەکەی زمان

- پەیوەندی نێوان گوێگرتن و خوێندنەوە:

پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوانیان، چونکە تاک دەتوانێت فێری دەربڕینی وشە و ڕستەی نووسراو بێت. هەروەها تاک دەتوانێت لە ڕێگەی ئەوەی دەیبیستێت فێری خوێندنەوە بێت، چونکە گوێگرتن بنەمای فێربوونی زارەکییە. تاک توانای جیاوازی لە نێوان توانای بیستن و خوێندنەوەدا هەیە.

توانای بیستن پەیوەستە بە خوێندنەوە. بۆیە توانای گوێگرتن و خوێندنەوە تەواوکەری یەکترن. بۆ ئەوەی تاکێک بتوانێت لە وشەکانی قسەکەر تێبگات، دەبێت بەباشی گوێی لە قسەکردنیان بوبێت.

- پەیوەندی نێوان گوێگرتن و قسەکردن:

خوێندنەوە و قسەکردن هەردووکیان کارامەیی دەنگین، یەکێکیان کارامەیی وەرگرتنە و ئەوی دیکەیان کارامەیی بەرهەمدارە. مەحاڵە دۆخێک لە خەیاڵدا بێت کە تاکێک تێیدا قسە بکات، مەگەر گوێگرێک هەبێت پەیامەکەیان وەربگرێت. بۆیە پەیوەندی نێوان گوێگرتن و قسەکردن زۆر ڕوونە چونکە منداڵ تەنها لە کاتێکدا قسە دەکات کە وشیار بێت و سەرنجراکێش بێت و لەو شتانە تێبگات کە بیستوویەتی، و درک بە ڕێککەوتنی ڕووداوەکان بکەن. دەنگ و پیت، بۆ پێکهێنانی وشە و ڕستە. (الحسن، ٢٠٢١، ل ٣٢١-٣٢٢).

دەتوانین بڵێین کە پەیوەندی نێوان کارامەییەکانی زمان (گوێگرتن، قسەکردن و خوێندنەوە) وابەستە و تەواوکەری یەکترە و بە گرنگترین کارامەیی دادەنرێت کە تاک یان منداڵ بۆ پەیوەندی کاریگەر بەدەستی دەهێنێت. گوێگرتن بناغەی فێربوونی سەرکەوتووی خوێندنەوەیە، لەکاتێکدا پەیوەندی نێوان گوێگرتن و قسەکردن لە گوێگرتنێکی باش و توانای قسەکردنی تاکدایە. تاک ناتوانێت وشەکان بە دروستی بڵێتەوە مەگەر بە باشی گوێی لێ نەگرێت.

٧,٢ توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم: توێژینەوەی ( الجميلي، ٢٠١٣)

ناونیشانی توێژینەوەکەی(کاریگەری بەکارهێنانی یاری فێرکاری لە بەدەستهێنانی هەندێك کارامەیی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی لە کاریگەری بەکارهێنانی یاری فێرکاری لە بەدەستهێنانی هەندێك کارامەیی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ٣٠ منداڵی باخچە لە پارێزگای دیالی کە ١٥ منداڵی گروپی ئەزموونی بوون و ١٥ منداڵیش گروپی کۆنترۆڵ بوون ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لەبەکارهێنانی استبیان بۆ پێوانی کارامەییکە و تێبینی کردنی منداڵان ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە بەکاری هێناوە ( T.test ,person, chi, square) لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەکارهێنانی یارییە پەروەردەییەکان لە فێرکردنی منداڵان لە باخچەدا ئارەزووی منداڵان دەوروژێنێت و وایان لێدەکات پەلە بکەن بۆ هەموو شتێکی نوێ لەناو باخچەدا. هەروەها بەکارهێنانی یارییە پەروەردەییەکان لە باخچەی منداڵاندا یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی سامانی زمانەوانی منداڵان و هانیان دەدات بۆ زیادکردن و بەهێزکردنی توانای زمانەوانییان.

دووەم: توێژنەوەی (البقمي، ٢٠٢٣)

ناونیشانی توێژینەوەکەی (واقیعی بەکارهێنانی یارییە پەروەردەییەکان لەلایەن مامۆستایانی باخچەی ساوایانەوە بۆ پەرەپێدانی کارامەیی زمانەوانی لەنێو منداڵانی باخچەی ساوایان لە پارێزگای طایف لە ڕوانگەی مامۆستاکانیان)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی واقیعی بەکارهێنانی یارییە پەروەردەییەکان لەلایەن مامۆستایانی باخچەی ساوایانەوە بۆ پەرەپێدانی کارامەیی زمانەوانی لەنێو منداڵانی باخچەی ساوایان لە پارێزگای طایف لە ڕوانگەی مامۆستاکانیان. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە ١٧٩ مامۆستای باخچە. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە ڕاپرسی، ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو برتییە لە (Pearson ،Cronbach's Alpha ،Standard Deviation ،Mean) لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ڕاستییەک هەیە کە مامۆستایانی باخچەی ساوایان یارییە پەروەردەییەکان بەکاردەهێنن بۆ پەرەپێدانی تواناکانی زمان. بابەتەکان بە ڕێکوپێکی ڕێکخرابوون، سەرەتا لە شارەزایی قسەکردن دەستی پێکرد، پاشان شارەزایی گوێگرتن، پاشان شارەزایی خوێندنەوە و دواجار شارەزایی نووسین.

سێیەم: توێژینەوەی(داود و المواضیة، ٢٠١٩)

ناونیشانی توێژینەوەکەی(کاریگەری یاری زمانەوانی لەسەر باشترکردنی کارامەیی پەیوەندی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە لە ئوردن)

ئامانجی ئەم توێژینەویە بریتییە لە زانینی کاریگەری یاری زمانەوانی لەسەر باشترکردنی کارامەیی پەیوەندی زمانەوانی لای منداڵانی باخچە لە ئوردن. نموونەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە ٣٥ منداڵی باخچە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە تاقیکردنەوەی کارامەیی پەیوەندی زمانەوانی، ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتییە لە (One Way MANCOVA، Standard Deviation ,2n، Mean) لە ئەنجامدا دەرکەوت کە یاری زمانەوانی کاریگەری هەیە لەسەر کارامەیی پەیوەندییە زمانەوانییەکان.

٨. ڕێکارییەکانی توێژینەوە:

٨,١ ڕێبازی توێژینەوەکە

**8.1: ڕێبازی توێژینەوەکە:** بریتییە لە ڕێبازی توێژینەوەی وەصفی

٨,٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

